# دەنگدانیش بوو بە ئەرك ؟



د.ئەحمەد میراودەلی
mirawdaly@hotmail.com

دوای ڕۆخاندنی ڕژێمی عەفلەقی بەغدا ، وڵاتێک نەما ناوی ئێراق بێت . ئەمەش لە خۆشبەختی دانیشتوانی کوردستان بوو . بۆیەشە واپێویست بوو ئێمەی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان بەشداری لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی وڵاتێکدا نەکەینەوە کەپێشتر بەزۆرەملێ پێوەی لکێندرابووین و زێدە لە هەشتا ساڵ هەوڵی ڕزگاربوونمان لە ژێرچنگی داوە . کوردی ڕۆشنبیرو دڵسۆزی گەل و ڵات بەگشتی دژی پرۆسەی درووستکردنەوەی ئێراق بوون . لای ڕۆشنبیرە دڵسۆزەکان ئاشکرابوو بەشداریکردنی دەنگدان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراقدا هەنگاوی یەکەمی درووستکردنەوەی وڵاتەکەیەو ، شەرعییەت دانە بە دەوڵەتی ئێراق و دیسانەوە لکاندنەوەی پاشووری وڵاتەکەمانە پێوەی ، وەلێ ئەم جارەیان بە حوسن و ڕەزای خۆمان . زۆر بەداخەوە سەرکردایێتی " مەبەستم سەرکردایێتی یەکێتی و پارتییی"یە ، بێ بەرنامەیەکی دارێژراو ، چاکیان لێکرد بەلادا بۆ بنیاتنانەوەی و بەشەرت و بەڵێن پێدانی دابینکردنی مافە ڕەوکانمان ، جەماوەرێکی زۆری چەواشەکراویان بەرەو پۆستەکانی دەنگدان ڕاکێشا . بەهۆی بۆیکۆتی عارەبی سوننەشەوە لەدەنگدان ، لیستی هاوپیمانێتی کوردستانی ژمارەیەکی هەڵکشاوی لە پەرلەمانی ئێراقدا دەستگیرکرد . بەو ژمارە هەڵکشاوەشەوە لە دارشتنی دەستووری ئێراقدا ، جەماوەری کوردستانی نائومێد کرا و مافە هەرە سەرەکییەکانمان لە دەستوورەکەدا پەراوێزکران .

چەند ڕۆژێکی دیکە دوا پرۆسەی دروستکردنەوەی وڵاتەکەیە بە هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ و بۆ ماوەیەی گوایە چوارساڵ ئەگەر بۆ هەتا هەتانەبێ !

زێدە لە چل ساڵە گوێبیستی سیاسەتم ، هەتا ئێستاش وتاری سەرکردەیەکم نەبیستووە باسی هەستیاری ئەو سەردەمە نەکات ، پەندێکی کوردیمان دەڵێ " ئەوەی فێری بووی بەشێری تەرکی ناکەی بە پیری" وەک هەمووکات سەرکردەکانمان هیچی تازەیان پێ نییە و ، ئەوەتا دیسانەوە دەزگای ڕێکلامی هەردوو زلحیزبەکە باسی هەستیاری بارودۆخەکە بە گوێی خەڵکدادەدەن ، وەک ئەوەی بۆخۆیان هۆکاری دروستبوونی ئەوبارودۆخە هەستیارە نەبن .

ئاگادارین هەر بەرپرسەو بەشێوەیەک دەدوێ . هەندێکیان دەنگ نەدەر دەکەنە بێ پەروا و زۆڵ و بگرە خائینیش ، هەندێکیان خەباتی شاخ بە جەماوەر دەفرۆشنەوە .

بەرپرسە بەڕێزەکانمان ، پێش ئەوەی خەباتی شاخ بە جەماوەر بفرۆشن ، دەبوایە بزانن خەبات بۆ سەرفرازی گەل و نیشتیمان لەپێناوی پلەو پایەو پوڵدا نییە ، ئەی لەو خەباتی شاخەی کە شانازی پێوەدەکەن بۆ ئەوانەیان نایەتەوەبیر کە دابینی پۆشاک و پێڵاو و خۆراکیان بۆ دەکردن و ئێستا خۆیان بێ خۆراک و پۆشاکن . وەلێ ئەگەر وەها لێی تێگەیشتوون کە خەبات پاداشتی پلەو پایەو پوڵی تێدابێ ، ئەوا میللەت بێ ئاگا نییەو دەزانێ ، زۆر لە وانە چواردەساڵە لەسەرکورسییەکی نەرم قۆنی داداوەو لەسەرحیسابی ڕەشوڕووتی هاو وڵاتییان ، نەک گیرفانی خۆی بەڵکو گیرفانی دوورترین خزم و قیلەشی بە دۆلار پەنماندووە . بەمەش دڵنیام دەقات هەقدەستی خۆیان وەرگرتووە .

بەڕێزان ؛ پێش ئەوەی لەسەر دەنگ نەدان تۆمەتباری خەڵکی بە خائین و خۆفرۆش و زۆڵ و....هتد بکەن ، دەبێ ئەوەبزانن کە دەنگدان مافە نەک ئەرک و هەرکەسەش سەربەستە چۆن ئەومافەی بەکاردێنێ .

ئاخر ئێوە کە چواردە ساڵە مافی دەنگدانتان لە کوردستانیان زەوت کردووە ، بەڕاستی چاو و ڕوویەکی دەوێ بۆ کەسێک ئاوەها بدوێ . من تێناگەم دەنگی جەماوەرتان بۆچییە ؟ ئەی جاری پێشوو کە جەماوەر بۆیکۆتی دەنگدانی لەسەر دەستووورە ڕەشەکە کرد ، بۆخۆتان پاشقولتان لە جەماوەر نەگرت و فۆڕمەکانتان پڕنەکردەوە ؟ ئەی ئەم جارەش بۆ نافەرموون وەک جاری پێشوو بە ئارەزووی خۆتان فۆڕمەکان پڕکەنەوە ؟. دیارە ئەمجارە ئەوەتان بۆ ناچێتەسەر . جاری پێشو عارەب بۆ بەرژەوەندی خۆی چاوپۆشی لەتەزویر

کرد ، وەلێ ئەمجارە ئەو چاوپۆشییەتان لێ ناکەن ، با ئەوەش بزانین ئێوەکە بەزێدە لە حەفتا دەنگ شتێکتان بۆ نەکرا و جەماوەرتان نا ئومێد کرد ، ئەمجارە بە دەنگێکی کەمترەوە دەبێ جەماوەر بەتەمای چی بێت لێتان ؟
عارەب چۆلەکەی خۆی گرتووە و ئاوەڕۆتیشی کردووە ، چیدی پێویستی بە هاوپەیمانێتی کاکە نەماوە.
لە سیاسەت دا پرۆسەی دەنگدانیش ،کۆنتراکتێکە لەنێوان جەماوەر و لایەنێکی سیاسیدا ،کاتێک لایەنە سیاسییەکە بەڵێنەکانی نەباتە سەر ، جەماوەر بڕوای پێ نامێنێ ، ئەمەش گرفتی ئەوڕۆی ئێوەیە بەڕێزان . جا لەجیاتی تاوانبارکردنی خەڵک و هێرش بردن ، واباشترە بە ئاشکرا دان بە هەڵەکانی خۆتاندا بنێن و داوای لێبوردن لە جەماوەر بکەن هەتا زۆر درەنگ نەبووە .
بۆ دەنگدانی پازدەی ئەم مانگەش ،کەسێک پێی خۆشبێ ئێراقی بێت ، بەڕای من دەنگ بدات باشترە ، وەلێ ئازادیشە نەیدا .
بەشبەحاڵی خۆم ئەمە بە دوا هەنگاوی پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراق دەزانم کە بەشێکی کوردستانەکەمی پێوە دەلکێندرێتەوە ، لەبەر ئەوەش نەک هەر دەنگ نادەم بەڵکو ئەگەر بۆشم بلوایە شورەیەکی وەک ئەوەی وڵاتی چینم لەحەمرین درووست دەکرد .

کەنەدا 2005/12/5